overrate /ˌəʊvəˈreɪt/ *v.* زیاخەملاندن، زۆرخەملاندن

override /ˌəʊvəˈraɪd/ *v.* پووچ کردنەوە، گوێ‌پێ‌نەدان

overseas /ˌəʊvəˈsiːz/ *adj.* ١. دوورو ولات ٢. لەپشت دەریاوە

overtake /ˌəʊvəˈteɪk/ *v.* ١. پێش کەوتن ٢. پێش دانەوە
overtime /ˈəʊvətaɪm/ *n.* کاری زیادە، زیادە کار، سەرئیش (زیاترلە کاتی خۆتکار بکەیت)
overwhelm /ˌəʊvəˈwelm; *US* -ˈhwelm/ *v.* ١. ووروووژاندن ٢. لێ بردنەوە
owe /əʊ/ *v.* ١. پێ دانەوە ٢. قەرزاربوون
owing /ˈəʊɪŋ/ *adj.* نەدراو (پارە کەی نەدراوە)
owing to /ˈəʊɪŋ tu/ *prep.* چونکە، لەبەرئەوەی
owl /aʊl/ *n.* کوندەپەپوو
own /əʊn/ *det., pron.* ١. خود، هی خود ٢. خۆ
own /əʊn/ *v.* ١. خاوەن بوون، هەبوون ٢. دان پیانان
owner /ˈəʊnə(r)/ *n.* خاوەن
ownership /ˈəʊnəʃɪp/ *n.* خاوەنێتی
ox /ɒks/ *n.* گا
oxygen /ˈɒksɪdʒən/ *n.* ئۆکسجین
oyster /ˈɔɪstə(r)/ *n.* گوێچکەماسی
ozone /ˈəʊzəʊn/ *n.* ئۆزۆن (سێ گەردیلەی ئۆکسجین)

Pp

P, p /pi:/ *n.* پی - شانزەیەمین پیتی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزی‌یە

pace /peɪs/ *n.* ١. کۆل ٢. هەنگاو ٣. خێرایی

pace /peɪs/ *v.* هەنگاونان، زەوی پێوان

pack /pæk/ *n.* ١. بەستە، گورزە ٢. پاکەت ٣. ڕەوە، گەلە

pack /pæk/ *v.* پێچانەوە، خستنەناو (جانتا، سندوق)

package /ˈpækɪdʒ/ *n.* ١. پاکەت ٢. پێچراوە

packet /ˈpækɪt/ *(US* **package***)* *n.* پاکەت

pad /pæd/ *n.* ١. پەڕۆ ٢. پەڕاوی تێبینی

pad /pæd/ *v.* پارچە بۆدانان، سەرین بۆدروست کردن

padlock /ˈpædlɒk/ *n.* قفل

paediatrician *(US* **pediatrician***)* /ˌpi:diəˈtrɪʃn/ *n.* پزیشکی منالان

page /peɪdʒ/ *n.* لاپەڕە

pail /peɪl/ *n.* سەتڵ، بەقرەج

pain /peɪn/ *n.* ئازار، ئێش
painful /peɪnfl/ *adj.* بەئازار
paint /peɪnt/ *n.* بۆیە
paint /peɪnt/ *v.* ١.بۆیە کردن ٢. وێنە کێشان
painter /'peɪntə(r)/ *n.* ١. بۆیەچی (بۆیاخچی) ٢. وێنە کێش
painting /'peɪntɪŋ/ *n.* ١. وێنە کردن ٢. وێنە ٣. تابلۆ
pair /peə(r)/ *n.* ١. جووت، دووان ٢. دوو
pajamas /pə'dʒɑ:məz; *US* pə'dʒæməz/ *n.*
=pyjamas پیجامە
palace /'pæləs/ *n.* کۆشک، سەرا
palate /'pælət/ *n.* مەلاشوو
pale /peɪl/ *adj.* ڕەنگ زەرد، زەردهەڵگەڕاو
pallor /'pælə(r)/ *n.* زەردی، زەردهەڵگەڕان
palm /pɑ:m/ *n.* ١. لەپی دەست ٢. دارخورما
pamphlet /'pæmflət/ *n.* نامیلکە، مەلزەمە
pan /pæn/ *n.* تاوە (بۆسوور کردنەوەی خواردن)
panda /'pændə/ *n.* وورچی پاندا (ئاژەڵێکی چینی ڕەش و سپی بەلەوورچ دەچێت)

pane /peɪn/ *n.* شووشەی پەنجەرە

panel /pænl/ *n.* ١. تابلۆ ٢. شاشە ٣. پەنجەرە

panic /pænɪk/ *n.* ١. ترس ٢. پەشێوی ٣. شلەژان

panic /pænɪk/ *v* ترسان، تۆقان

panorama /ˌpænəˈrɑːmə; *US* -ˈræmə/ *n.* دیمەنی گشتی

pant /pænt/ *v.* هەناسەبڕکێ

pantomime /ˈpæntəmaɪm/ *n.* درامای بێ دەنگ (بێ ووتە)

pants /pænts/ *n.* ١. دەرپێ ٢. پانتۆڵ

papa /pəˈpɑː; *US* ˈpɑːpə/ *n.* بابە، باوکە

paper /ˈpeɪpə(r)/ *n.* ١. پەڕە ٢. کاغەز

parachute /ˈpærəʃuːt/ *n.* پەڕەشووت

parade /pəˈreɪd/ *n.* نواندن، نمایش و ڕێ کردن (لەبۆنەیەکدا)

paradise /ˈpærədaɪs/ *n.* بەهەشت

paradox /ˈpærədɒks/ *n.* ناتەبایی، دژوار، دووجەمسەری

paradoxical /ˌpærəˈdɒksɪkl/ *adj.* ناتەبا، نارێک، قسەی دووجەمسەر

paraffin /pærəfɪn/ *(US* **kerosene***)* *n.*
نەوتی سپی

paragraph /pærəgrɑ:f; *US* -græf/ *n.* ١. برگە
٢. بەند

parallel /pærəlel/ *adj., adv., n.* تەریب

paralyse *(US* **paralyze***)* /pærəlaɪz/ *v.*
١. ئیفلیج بوون ٢. پە ککەوتن

paralysis /pə'ræləsɪs/ *n.* ئیفلیجی

paramedic /,pærə'medɪk/ *n.* مەشق پێ کراو
(لە کاری پزیشکی دا)

paramount /pærəmaʊnt/ *adj.* گرنگترین

parasite /pærəsaɪt/ *n.* مشەخۆر

parcel /pɑ:sl/ *(US* **package***)*/ *n.* ١. گورزە
٢. بەستە، کۆمەڵە

parched /pɑ:tʃt/ *adj.* ١. گەرم و ووشک
٢. ووشک بووەوە، زورتینوو (لە گەرمادا)

pardon /pɑ:dn/ *interj.* ببوورە (بۆ دووبارە
کردنەوەی قسەیەک)

pardon /pɑ:dn/ *n.* لێ بوورین، چاوپۆشی

pardon /pɑ:dn/ *v.* لێ بووردن، بووران

parent /peərənt/ *n.* دایک و باوک

parenthesis /pəˈrenθəsɪs/ =*brackets n.* جووت کەوانە

park /pɑːk/ *n.* ١. باخچە ٢. گۆرەپان

park /pɑːk/ *v.* وەستاندنی (ڕاگرتنی) ئۆتۆمبیل

parking /ˈpɑːkɪŋ/ *n.* ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل (لەجێگایەکدا)، وەستاندنی ئۆتۆمبیل

parliament /ˈpɑːləmənt/ *n.* ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان)

parole /pəˈrəʊl/ *n.* بەردان (ئازادکردن) لەبەندیخانە بەمەرج و خستنەژێر چاودێرییەوە

parrot /ˈpærət/ *n.* تووتی

part /pɑːt/ *n.* ١. بەش، پارچە ٢. بەشداری

part /pɑːt/ *v.* ١. دوورکەوتنەوە ٢. بەجێهێشتن ٣. لەت کردن

partial /ˈpɑːʃl/ *adj.* نیمچە، بەشی

participant /pɑːˈtɪsɪpənt/ *n.* بەشدار بوو، هاوبەشیکەر

participate /pɑːˈtɪsɪpeɪt/ *v.* بەشداری کردن، هاوبەشی کردن

particle /ˈpɑːtɪkl/ *n.* تەنۆچکە، تەنۆلکە

particular /pəˈtɪkjələ(r)/ *adj.* تایبەت، تایبەتی

particulary /pəˈtɪkjələli/ *adv.* بەتایبەتی

parting /ˈpɑːtɪŋ/ *n.* ١. ماڵاوایی کردن، جیا بوونەوە ٢. هێڵی لادانی قژ

partition /pɑːˈtɪʃn/ *n.* ١. جیاکەرەوە ٢. کەرت کردن و بەش کردن (وولات)

partly /ˈpɑːtli/ *adv.* ١. بەشێکی، کەمێکی ٢. تارادەیەک

partner /ˈpɑːtnə(r)/ *n.* ١. دڵدار ٢. هاوڕێ ٣. هاوکار

party /ˈpɑːti/ *n.* ١. ئاهەنگ ٢. بەش ٣. لایەن

pass /pɑːs; *US* pæs/ *n.* دەرکردن، دەرچوون

pass /pɑːs; *US* pæs/ *v.* ١. دەرچوون ٢. تێپەڕین ٣. سەرکەوتن ٤. پێدان

passable /ˈpɑːsəbl; *US* ˈpæs-/ *adj.* ١. خراپ نییە ٢. تێپەڕبوو

passage /ˈpæsɪdʒ/ *n.* ١. ڕاڕەو ٢. بەش ٣. پارچە ٤. تێپەڕین

passenger /ˈpæsɪndʒə(r)/ *n.* ڕێبوار، نەفەر

passing /ˈpɑːsɪŋ; *US* ˈpæs-/ *adj.* کوورت، بۆماوەیەکی کەم، کاتی

passion /ˈpæʃn/ *n.* ١. حەز، ئامەزرۆیی

۲. زەوق ۳. عەشق

passionate /ˈpæʃənət/ *adj.* بەسۆز

passive /ˈpæsɪv/ *adj.* ۱. سست ۲. بکەرنادیار

passport /ˈpɑːspɔːt; *US* ˈpæs-/ *n.* گوزەرنامە (پەساپۆرت)

password /ˈpɑːswɜːd; *US* ˈpæs-/ *n.* ووشەی راز (نهێنی)، پەرلە

past /pɑːst; *US* pæst/ *adj., prep.* ۱. رابوردوو ۲. کۆن ۳. بەسەرچوو ٤. لایداوە

paste /peɪst/ *n.* هەویر، سریش

paste /peɪst/ *v.* پێکەوە لکاندن، پێوەنوساندن

pasteurised *(also* **pasteurized***)* /ˈpɑːstʃəraɪzd; *US* ˈpæs-/ *adj.* بەستەرە کراو (کولێنراو تاپلەیەکی گەرمی دیاریکراو، بۆ کوشتنی میکرۆب) وەک شیر

pastry /ˈpeɪstri/ *n.* ئیشی هەویر

pasture /ˈpɑːstʃə(r); *US* ˈpæs-/ *n.* لەوەڕگا

pat /pæt/ *v.* دەست بە سەرا هێنان

patch /pætʃ/ *n.* پینە

patchy /ˈpætʃi/ *adj.* پەڵەپەڵە، پینەپینە

patent /ˈpeɪtnt; *US* ˈpætnt/ *adj.* روون، ئاشکرا

paternal /pə'tɜ:nl/ *adj.* باوکانە (پەیوەندی بەباوکەوەهەیێت)

paternity /pə'tɜ:nəti/ *n.* باوکایەتی

path /pɑ:θ; *US* pæθ/ *n.* گوزەر، ڕێڕەو

pathetic /pə'θetɪk/ *adj.* جێی بەزەیی

pathology /pə'θɒlədʒi/ *n.* نەخۆشیزانی

patience /'peɪʃns/ *n.* بەئارامی، خۆگری

patient /'peɪʃnt/ *adj.* بەئارام

patient /'peɪʃnt/ *n.* نەخۆش

patriot /'pætriət; *US* 'peɪt-/ *n.* نیشتمان پەروەر

patriotic /,pætri'ɒtɪk; *US* ,peɪt-/ *adj.* نیشتمانی، نیشتمانپەرست

patrol /pə'trəʊl/ *n.* ئێشکگر

patron /'peɪtrən/ *n.* پشتیوان (خێرخوا، یارمەتی خەڵکبدات)

patter /'pætə(r)/ *n.* تەپەتەپ (تەپەی پێ)

pattern /'pætn/ *n.* ١. شێواز ٢. نموونە

pause /pɔ:z/ *n.* ١. ووچان ٢. وەستان، هەڵوێستە

pave /peɪv/ *v.* قیرتاوکردن (یاچیمەنتۆکردنی زەوییەک)

pavement /peɪvmənt/ *n.* شۆستە
paw /pɔ:/ *n.* چنگ (پێ ی ئاژەڵ)
pawn /pɔ:n/ *n.* سەرباز (لە یاری شەترەنج دا)
pay /peɪ/ *n.* ١. کرێ ٢. مووچە
pay /peɪ/ *v.* ١. دان، پێدان ٢. کرێدان، پارەدان
payment /peɪmənt/ *n.* پارەدان، پارەوەرگرتن
pea /pi:/ *n.* بەزالیا (پۆلکە)
peace /pi:s/ *n.* ئاشتی
peaceful /pi:sfl/ *adj.* ١. ئاشتیخواز ٢. ئارام
peach /pi:tʃ/ *n.* قۆخ
peacock /pi:kɒk/ *n.* تاووس
peak /pi:k/ *n.* ١. لووتکە ٢. نووک
peanut /pi:nʌt/ *n.* پاقلەی سوودانی
pear /peə(r)/ *n.* هەرمێ
pearl /pɜ:l/ *n.* مرواری
peasant /peznt/ *n.* کشتیار، جووتیار
pebble /pebl/ *n.* چەو
peck /pek/ *v.* دەنووک لێدان، دەنوکدان (کاتێ باڵندە شت دەخوات)
peculiar /pɪ'kju:liə(r)/ *adj.* سەیر، سەمەرە
pedagogical /ˌpedə'gɒdʒɪkl/ *adj.* فێرکاری

pedal /pedl/ *n.* جێ پێ، پایدەر

pedestrian /pə'destriən/ *n.* پیادەڕەو، پیادە (لەسەرشەقام)

pedigree /pedɪgri:/ *n.* بن‌وبنەچە، خانەدان (باووباپیران)

pee /pi:/ *v.* میز کردن

peep /pi:p/ *n.* ١. جووکە جووک (جیکەجیک، وەک بێچووی باڵندە) ٢. دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیل

peep /pi:p/ *v.* ١. سەیرکردن بەلاچاو (یان‌بەدزی یەوە) ٢. دەرکەوتن

peer /pɪə(r)/ *n.* هاوتەمەن

peer /pɪə(r)/ *v.* چاوتێ برین

peg /peg/ *n.* جلگرە

pelican /pelɪkən/ *n.* سەقاکوژ (باڵندەیەکی دەنوک درێژی ئاوی، وەک قازوایە)

pelvis /pelvɪs/ *n.* ئێسکی حەوز، ئەستێلک

pen /pen/ *n.* پێنووس

penalise *(also* **penalize***)* /pi:nəlaɪz/ *v.* سزادان

penalty /penlti/ *n.* سزا

pence /pens/ *(plural of penny) n.* پێنس

(پارەی وردەی بەریتانی)

pencil /pensl/ *n.* پێنووسی کاربۆنی

pendulum /pendjələm; *US* -dʒələm/ *n.*
بەندۆڵ (وەکەی هەندێ سەعاتی دیوار)

penetrate /penɪtreɪt/ *v.* ١. برین ٢. چوونە ناو
٣. کون کردن

penguin /peŋgwɪn/ *n.* بەتریق

peninsula /pəˈnɪnsjələ; *US* -nsələ/ *n.* نیمچە
دوورگە

penitent /penɪtənt/ *adj.* پەشیمان

penknife /pennaɪf/ *n.* چەقۆی گیرفان،
چەقۆی فرەدەم

penny /peni/ *(pl. pence) n.* پێنی (پارەی
وردەی بەریتانی)

pension /penʃn/ *n.* مووچەی خانەنشین
(تەقاوتی)

pentagon /pentəgən; *US* -gɒn/ *n.* پێنج لا،
پێنج گۆشە

pent up /ˌpent ˈʌp/ *adj.* خۆخواردنەوە
(دەرنەبرینی هەست، وەک تورەیی)
کەسێ کەخۆی بخواتەوە

penultimate /pen'ʌltɪmət/ *adj.* پێش کۆتایی، پێش کۆتا

people /'pi:pl/ *n.* خەلک

pepper /'pepə(r)/ *n.* بیبەر

peppermint /'pepəmɪnt/ *n.* تام و بۆنی نەعنا، نەعنا

per /pə(r); pɜ:(r)/ *prep.* ١. بۆ ٢. بۆ هەر ٣. لە

perceive /pə'si:v/ *v.* ١. هەست پێ کردن ٢. پێ زانین

percent *(also* **per cent***)* /pə'sent/ *adj., adv.* لەسەدا

percentage /pə'sentɪdʒ/ *n.* رێژەی سەدی

perception /pə'sepʃn/ *n.* ١. توانای تێگە یشتن ٢. بیرورا

percussion /pə'kʌʃn/ *n.* پیاکێشان، زرمە لێ هەستاندن (وەک دەهۆڵ)

perennial /pə'reniəl/ *adj.* نەمر، بەردەوام، ماوە

perfect /'pɜ:fɪkt/ *adj.* ١. تەواو ٢. بێ کەم و کوری ٣. گونجاو

perfect /pə'fekt/ *v.* ١. تەواو کردن ٢. نەهێشتنی

کەم و کوری

perfection /pəˈfekʃn/ *n.* تەواوی، سەرپاکی (بێ هەڵەیی)

perfectly /ˈpɜːfɪktli/ *adv.* ١. بە تەواوی ٢. بەباشی ٣. زۆر

perforate /ˈpɜːfəreɪt/ *v.* کون کردن، هەڵکۆڵین

perform /pəˈfɔːm/ *v.* ١. ئەنجام دان ٢. ڕۆڵ بینین

performance /pəˈfɔːməns/ *n.* ١. ئەنجام دان ٢. نواندن ٣. توانا ٤. کار کردن

perfume /ˈpɜːfjuːm; *US* pərˈfjuːm/ *n.* بۆن، عەتر

perhaps /pəˈhæps; præps/ *adv.* ١. بەڵکو ٢. پێ دەچێ، لەوانەیە

peril /ˈperəl/ *n.* مەترسی، ترسناکی

perimeter /pəˈrɪmɪtə(r)/ *n.* چێوە

period /ˈpɪəriəd/ *n.* ١. ماوە ٢. وانە ٣. سوڕی مانگانە

periodic /ˌpɪəriˈɒdɪk/ *(also* **periodical***) adj.* خولی، چەرخی

periodical /ˌpɪəriˈɒdɪkl/ *n.* گۆڤار

(کەبەرێک وپێکی دەرچێت)

perish /perɪʃ/ *v.* تیاچوون، لەناوچوون

permanent /pɜːmənənt/ *adj.* بەردەوام، هەمیشەیی

permissible /pəˈmɪsəbl/ *adj.* ڕێ پێ دراو

permission /pəˈmɪʃn/ *n.* ١. یارمەتی ٢. ڕێ پێ دان

permit /pəˈmɪt/ *v.* ١. ڕێ پێ دان ٢. یارمەتی دان

perpendicular /ˌpɜːpənˈdɪkjələ(r)/ *adj.* ئەستوون

perpetual /pəˈpetʃuəl/ *adj.* هەمیشەیی، بەردەوامی

perplex /pəˈpleks/ *v.* سەرلێ تێک چوون، شلەژان

persecute /pɜːsɪkjuːt/ *v.* چەوساندنەوە

persevere /ˌpɜːsɪˈvɪə(r)/ *v.* درێژەپێ دان (لە گەڵ دژواری بارەکەدا)

persist /pəˈsɪst/ *v.* ١. بەردەوام بوون ٢. لەسەر ڕۆشتن

person /pɜːsn/ *n.* ١. کەس ٢. زەلام

personal /pɜːsənl/ *adj.* ١. کەسی ٢. تایبەتی

٣. جەستەیی

personality /ˌpɜːsəˈnæləti/ *n.* کەسێتی، کەسایەتی

personnel /ˌpɜːsəˈnel/ *n.* ١. کارگێر ٢. ئیشکەر

perspective /pəˈspektɪv/ *n.* دیدگا، سۆنگە

perspire /pəˈspaɪə(r)/ *v.* ئارەق ڕشتن، ئارەق کردنەوە

persuade /pəˈsweɪd/ *v.* ١. قایل کردن ٢. هێنانە بڕوا کردن

persuasion /pəˈsweɪʒn/ *n.* ١. ڕازی کردن، قایل کردن ٢. بیروڕا

perturb /pəˈtɜːb/ *v.* ١. ناڕەحەت کردن ٢. شڵەژاندن

pervade /pəˈveɪd/ *v.* گرتنەوە، پیابڵاوبوونەوە

perverse /pəˈvɜːs/ *adj.* لاسار، بەدکار، چەوت

perversion /pəˈvɜːʃn; *US* -ʒn/ *n.* لادان

pessimism /ˈpesɪmɪzəm/ *n.* ڕەش بینی

pest /pest/ *n.* ١. ئافات (دەغڵ ودان) وەک مێروو ٢. مرۆڤێکی پەستکەر

pesticide /ˈpestɪsaɪd/ *n.* کوژەری ئافات و مێروو، مێرووکوژ

pet /pet/ *n.* گیانەوەری ماڵی (ناوماڵ)
petal /petl/ *n.* پەڕەی گوڵ
petition /pəˈtɪʃn/ *n.* سکالانامە
petrol /petrəl/ *(US gas; gasoline)* *n.* بەنزین
petroleum /pəˈtrəuliəm/ *n.* نەوتی خاو
phantasy=**fantasy** *n.* جیهانی ئەندێشە (خەیاڵ)
phantom /fɑ:ntəm/ *n.* تارمایی
pharmacist /fɑ:məsɪst/ *n.* دەرمانفرۆش، دەرمانزان
pharmacy /fɑ:məsi/ *n.* دەرمانخانە
phase /feɪz/ *n.* قۆناغ
phenomenon /fəˈnɒmɪnən, *US* -nɒn/ *n.* دیاردە
philosophy /fəˈlɒsəfi/ *n.* فەلسەفە، زانستی ژیان
phlegm /flem/ *n.* بەلغەم
phlegmatic /flegˈmætɪk/ *adj.* ئارام، هەڵنەچوو
phobia /fəubiə/ *n.* ترس
phone /fəun/ *n.* تەلەفۆن
phonetic /fəˈnetɪk/ *adj.* دەنگی

photo /fəutəu/ *n.* وێنە
photocopy /fəutəukɒpi/ *n.* لەبەرگرتنەوە، وێنە گرتنەوە
photograph /fəutəgra:f; *US* -græf/ *n.* وێنە
photographer /fə'tɒgrəfə(r)/ *n.* وێنە گر
photography /fə'tɒgrəfi/ *n.* وێنە گریی، وێنەچێتی
phrase /freɪz/ *n.* دەستەواژە
physical /fɪzɪkl/ *adj.* جەستەیی، فیزیایی
physician /fɪ'zɪʃn/ *n.* پزیشکی هەناوی
physics /fɪzɪks/ *n.* زانستی فیزیا
physiotherapy /,fɪzɪəu'θerəpi/ *n.* چارەسەری سروشتی (فیزیایی)
physique /fɪ'zi:k/ *n.* بونیاد، بەژن و بالا
pianist /pɪənɪst/ *n.* پیانۆژەن
piano /pi'ænəu/ *n.* پیانۆ (ئامێرێکی مۆسیقی‌یە)
pick /pɪk/ *v.* ١. هەلبژاردن ٢. لێ کردنەوە ٣. بژارکردن
pickle /pɪkl/ *n.* ترشیات
pickpocket /pɪkpɒkɪt/ *n.* گیرفان بر
pick-up /pɪkʌp/ *n.* پیکاب (ئۆتۆمبیلی

پشت‌بەتاڵ)

pick up /pɪkʌp/ *v.* هەڵگرتن، هەڵگرتنەوە

picnic /ˈpɪknɪk/ *n.* سەیران

pictorial /pɪkˈtɔːriəl/ *adj.* وێنەیی

picture /ˈpɪktʃə(r)/ *n.* وێنە

pie /paɪ/ *n.* بۆرەک، کولێرە بە قیمە

piece /piːs/ *n.* ١. پارچە، بەش ٢. لەت ٣. وردە

pier /pɪə(r)/ *n.* شۆستەی سەردەریا

pierce /pɪəs/ *v.* ١. کون کردن ٢. پێداچوون

piety /paɪəti/ *n.* دینداری، خواناسی

pig /pɪg/ *n.* بەراز

pigeon /ˈpɪdʒɪn/ *n.* کۆترە شینکە

pigment /ˈpɪgmənt/ *n.* ڕەنگ، بۆیە

pile /paɪl/ *n.* مۆڵ، کۆمەڵ

pile /paɪl/ *v.* مۆڵ کردن، کۆمەڵ کردن

pilgrim /ˈpɪlgrɪm/ *n.* حاجی

(دیدەنیکەری مەککەی پیرۆز)

pilgrimage /ˈpɪlgrɪmɪdʒ/ *n.* حەج

pill /pɪl/ *n.* حەب

pillar /ˈpɪlə(r)/ *n.* ستوون، کۆڵەکە

pillow /ˈpɪləʊ/ *n.* سەرین، پشتی، بالیف

pilot /paɪlət/ *n.* فڕۆکەوان
pimple /pɪmpl/ *n.* خاڵی سوور لەسەرپێست (وەک زیپکە)
pin /pɪn/ *n.* دەرزی سەرخڕ، دەمبوس
pin /pɪn/ *v.* دەرزی لێدان
pinafore /pɪnəfɔ:(r)/ *n.* بەروانکە، بەرکۆش، بەریەخە
pincers /pɪnsə(r)/ *n.* گاز
pinch /pɪntʃ/ *n.* ١. نوقورچ ٢. پرووش
pinch /pɪntʃ/ *v.* ١. نوقورچ لێ گرتن ٢. دزین
pine /paɪn/ *n.* کاژ، سنەوبەر
pineapple /paɪnæpl/ *n.* میوەی ئەناناس
ping-pong /pɪŋpɒŋ/ = *table tennis n.* تۆپی سەرمێز (تێنس)
pink /pɪŋk/ *n., adj.* پەمەیی
pint /paɪnt/ *n.* ١. چکێ، تۆزێ ٢. ٧٥و.ی لیترێ
pioneer /ˌpaɪəˈnɪə(r)/ *n.* پێشەنگ، پێشەوا
pious /paɪəs/ *adj.* ئایندار، خواناس
pipe /paɪp/ *n.* ١. لوولە ٢. بۆری ٣. سەبیل
pirate /paɪərət; ˈpaɪrət/ *n.* ١. جەردە ٢. ساختەچی

Pisces /paɪsi:z/ *n.* نەهەنگ (نیشانەی دوانزەیەمی بورجەکان)

piss /pɪs/ *v.* میز کردن

pistol /pɪstl/ *n.* دەمانچە

pit /pɪt/ *n.* ١. چاڵ ٢. کان (کانی خەڵوز)

pitch /pɪtʃ/ *n.* ١. گۆرەپانی یاری ٢. توندیدەنگ ٣. رادە، خەستی

pitch /pɪtʃ/ *v.* ١. فڕێدان (بەتوندی) ٢. کەوتنەخوارەوە، خستنە خوارەوە

pitcher /pɪtʃə(r)/ *n.* سوراحی

piteous /pɪtiəs/ *adj.* بەزەیی هێن، جووڵێنی هەست و بەزەیی

pitfall /pɪtfɔ:l/ *n.* هەڵە، مەترسی (کەپێش بینی روودانی بکەیت)

pity /pɪti/ *n.* ١. بەزەیی ٢. سۆز

pivot /pɪvət/ *n.* تەوەرە

pizza /pi:tsə/ *n.* پیتزا (پارچەیەک هەویرەلەگەڵ گۆشت و پەنیرو هەندێشتی تر، لەفرندا دەبرژێت)

placard /plæka:d/ *n.* لافیتە، ئاگاداری

place /pleɪs/ *n.* ١. شوێن ٢. جێ

place /pleɪs/ *v.* ١. دانان ٢. خستن

plague /pleɪg/ *n.* ١. نەخۆشی تاعون ٢. بەلاّ (وەک مێرووبەکی زۆر)

plain /pleɪn/ *adj.* ١. سادە ٢. ڕوون ٣. ئاشکرا ٣. ڕاشکاو

plain /pleɪn/ *n.* دەشت

plait /plæt/ *(US braid) n.* پرچ، کەزی، (پرچی قژیا پەت)

plan /plæn/ *n.* ١. هێلکاری، نەخشە ٢. پیلان

plan /plæn/ *v.* ١. نەخشە کێشان، ٢. هێلکاری کردن ٣. پیلان دانان

plane /pleɪn/ *n.* ١. فڕۆکە ٢. ڕووتەخت ٣. ڕەندە ٤. ڕوو

planet /ˈplænɪt/ *n.* هەسارە

plant /plɑːnt; *US* plænt/ *n.* ڕووەک

plant /plɑːnt; *US* plænt/ *v.* ڕواندن

plaster /ˈplɑːstə(r); ˈplæs-/ *n.* پلاستەر

plastic /ˈplæstɪk/ *n.* پلاستیک

plate /pleɪt/ *n.* ١. قاپ، دەفر ٢. تابلۆ ٣. پلێت ٤. تاقم

plateau /ˈplætəʊ; *US* plæˈtəʊ/ *n.* ١. بان

(زەوی یەکی تەخت) ۲. وەستان

platform /plætfɔ:m/ *n.* سەکۆ، شۆستە

platoon /plə'tu:n/ *n.* مەفرەزەی سەربازی

play /pleɪ/ *n.* ۱. یاری، گەمە ۲. شانۆگەری

play /pleɪ/ *v.* ۱. یاری کردن ۲. ژەنین، لێدان ۳. ئیش پێ کردن

player /pleɪə(r)/ *n.* ۱. یاریزان ۲. مۆسیقا ژەن

playground /pleɪgraʊnd/ *n.* گۆرەپانی یاری

playing-card /pleɪɪŋ kɑ:d/ *n.* کاغەزی قومار (یاری وەرەقە)

plea /pli:/ *n.* پەلپ و بیانوو، داوا کاری

plead /pli:d/ *v.* ۱. بەهانەهێنانەوە ۲. لێ پارانەوە ۳. دان پیانان، پشتگیریکردن (لەدادگادا)

pleasant /pleznt/ *adj.* ۱. باش ۲. خۆش

please /pli:z/ *interj.* ۱. تکایە ۲. بێ زەحمەت

please /pli:z/ *v.* ۱. دڵخۆش بوون، دڵخۆش کردن ۲. حەزلێ بوون ۳. ڕازی کردن

pleased /pli:zd/ *adj.* ۱. دڵخۆش ۲. ڕازی

pleasure /pleʒə(r)/ *n.* ۱. خۆشی ۲. کەیف

pleat /pli:t/ *n.* بانس (چرچی پانتۆڵ)، پلیسی (چرچی تەنورە)

pledge /pledʒ/ *n.* بەڵێن

plenty /plenti/ *pron.* ١. زۆر ٢. ئەندازەی پێویست

pliable /plaɪəbl/ *(also* **pliant***) adj.* نوشتاوە، نەرم (توانای نوشتانەوەی‌هەبێت)

pliers /plaɪəz/ *n.* پلایس

plot /plɒt/ *n.* ١. پیلان ٢. پارچەزەوی ٣. ڕووداو

plough *(US* **plow***)* /plaʊ/ *n.* گاسن

plough *(US* **plow***)* /plaʊ/ *v.* کێلان بە گاسن

plug /plʌg/ *n.* ١. دەمەوانە ٢. دووشاخە (پلاک)

plum /plʌm/ *n.* هەڵوژە

plumber /plʌmə(r)/ *n.* بۆریچی

plump /plʌmp/ *adj.* خرپن، قەڵەو

plunge /plʌndʒ/ *v.* ١. نقوم بوون، خۆهەڵدان، کەوتن ٢. پیاکردن ٣. دابەزین

plural /plʊərəl/ *adj., n.* کۆ

plus /plʌs/ *n.* هێمای کۆکردنەوە (+)

plus /plʌs/ *prep.* ١. کۆ ٢. وە

ply /plaɪ/ *v.* هات و چۆکردن، چوون و هاتن (بەرێک و پێکی وەک پاس، بەلەم...)

poach /pəʊtʃ/ *v.* ١. هێلکە کوڵاندن

(بێ تویکلە کەی) ٢. کولاندن (بەهێواشی) ٣. ڕاو کردن (لەزەوی کەسێکی تردا)

pocket /pɒkɪt/ *n.* گیرفان، باخەل

poem /pəʊɪm/ *n.* چامە، هۆنراوە

poet /pəʊɪt/ *n.* شاعیر، هۆنەر

poetry /pəʊətri/ *n.* کۆمەلە هۆنراوە

point /pɔɪnt/ *n.* ١. خال ٢. پنت ٣. نووک ٤. فاریزە

point /pɔɪnt/ *v.* ١. نیشاندان ٢. ئاماژە کردن ٣. ڕووتێ کردن

pointed /pɔɪntd/ *adj.* ١. نووک تیژ ٢. وورد

pointer /pɔɪntə(r)/ *n.* ١. ئامۆژگاری ٢. نیشاندەر

poison /pɔɪzn/ *n.* ژەهر

poisonous /pɔɪzənəs/ *adj.* ژەهراوی

poker /pəʊkə(r)/ *n.* ١. ئاسنی ئاگردان (مقاش) ٢. یاری پۆکەر

polar /pəʊlə(r)/ *adj.* جەمسەری (پەیوەندی بەدووجەمسەری باکورویاشورهەیێت)

pole /pəʊl/ *n.* جەمسەر

police /pə'li:s/ *n.* پۆلیس

police station /pəˈliːs steɪʃn/ *n.* بنکەی پۆلیس
policy /ˈpɒləsi/ *n.* سیاسەت (رامیاری)
polish /ˈpɒlɪʃ/ *v.* ١. بریقە پێ هەڵهێنان ٢. جەلایی کردن
polite /pəˈlaɪt/ *adj.* ١. بەرێز ٢. بەرەووشت
political /pəˈlɪtɪkl/ *adj.* رامیاری، سیاسی
politician /ˌpɒləˈtɪʃn/ *n.* سیاسەتمەدار
politics /ˈpɒlətɪks/ *n.* زانستی رامیاری
poll /pəʊl/ *n.* ١. راپرسی ٢. دەنگ دان
poll /pəʊl/ *v.* هەڵبژاردن
pollen /ˈpɒlən/ *n.* هەلاڵە
pollute /pəˈluːt/ *v.* پیس کردن
pollution /pəˈluːʃn/ *n.* پیس بوون (ژەنگە)
pond /pɒnd/ *n.* گۆم (ئاوێکی بچووک)
pony /ˈpəʊni/ *n.* کولە ئەسپ
pool /puːl/ *n.* ئەستێلک، حەوز
poor /pɔː(r); *US* pʊər/ *adj.* ١. هەژار ٢. خراپ ٣. داماو
poorly /ˈpɔːli; *US* ˈpʊərli/ *adv.* بەخراپی
pop /pɒp/ *n.* ١. نالە ٢. مۆسیقای پۆپ

popcorn /pɒpkɔ:n/ *n.* گەنمەشامی
pope /pəʊp/ *n.* پاپا
poppy /pɒpi/ *n.* گولاڵە سورە (خەشخاش)
popular /pɒpjələ(r)/ *adj.* ١. بڵاو
٢. خۆشەویست ٣. گشتی، جەماوەری
population /ˌpɒpjuˈleɪʃn/ *n.* ١. دانیشتوان
٢. نیشتەجێ
porch /pɔ:tʃ/ *n.* دالان (شوێنی چوونە
ژوورەوە)
pore /pɔ:(r)/ *n.* کون
pork /pɔ:k/ *n.* گۆشتی بەراز
porous /pɔ:rəs/ *adj.* کونکون، کوندار
(ئاووهەوا پیادابچێتەناو)
port /pɔ:t/ *n.* بەندەر
portable /pɔ:təbl/ *adj.* ١. هەڵگیراو ٢. دەستی
porter /pɔ:tə(r)/ *n.* ١. کۆڵ کێش ٢. دەرگاوان
portion /pɔ:ʃn/ *n.* بەش، پشک
portrait /pɔ:treɪt; -trət/ *n.* وێنەی مرۆڤ
portray /pɔ:ˈtreɪ/ *v.* ١. وێنە کێشان
(وێنەی کەسێک) ٢. باس کردن
pose /pəʊz/ *v.* ١. وەستان (بۆ وێنە کێشان

یاوێنه گرتن) ٢. خۆواپیشان دان ٣. خۆنواندن

position /pəˈzɪʃn/ *n.* ١. شوێن ٢. جێگا ٣. کار ٤. پله

positive /ˈpɒzətɪv/ *adj.* ١. موجەب ٢. دڵنیا ٣. گەشبین ٤. ڕوون

possess /pəˈzes/ *v.* ١. هەبوون، ٢. بوونه خاوەن ٣. کارتێ کردن

possession /pəˈzeʃn/ *n.* ١. خاوەن دارێتی ٢. سامان

possessive /pəˈzesɪv/ *adj.* خاوەنێتی

possibility /ˌpɒsəˈbɪləti/ *n.* ١. ئه گەر ٢. شیان، گونجان

possible /ˈpɒsəbl/ *adj.* ١. دەشێ ٢. گونجاو

possibly /ˈpɒsəbli/ *adv.* لەوانەیه

post /pəʊst/ *n.* ١. پۆسته ٢. ستوون ٣. ئیش ٤. پۆست

post /pəʊst/ *v.* ١. پۆست کردن ٢. ناردن

postage /ˈpəʊstɪdʒ/ *n.* کرێی پۆسته

postal /ˈpəʊstl/ *adj.* پۆستی (پەیوەندی بەپۆستەوەهەبێت)

postcode /ˈpəʊst kəʊd/ *n.* ژمارەی پۆسته

(لەسە رنامەی نێردراودەنوسرێ)

poster /pəustə(r)/ *n.* تابلۆ

posterity /pɒ'sterəti/ *n.* داهاتوو، ژیانی داهاتوو، ژیانی ئاینده

postgraduate /,pəust'grædʒuət/ *adj.* دەرچووی‌زانکۆ

postman /pəustmən/ = *(US* **mailman***)* *n.* پۆستە چی

post-mortem /,pəust 'mɔːtəm/ *n.* پشکنینی مردوو (بۆزانینی هۆی‌مردنی)

post office /pəustɒfɪs/ *n.* پۆستە خانە

postpone /pə'spəun/ *v.* دواخستن

postscript /pəustskrɪpt/ *n.* تێبینی، دواحاشیە (لە کۆتایی نامەداوە ک شتێکت لەبیرچوویێت باسی‌بکەیت)

posture /pɒstʃə(r)/ *n.* باری وەستان (یارۆشتن)

pot /pɒt/ *n.* ۱. قاپ ۲. قابلەمە ۳. قتوو

potato /pə'teɪtəu/ *n.* پەتاتە

potent /pəutnt/ *adj.* بەهێز

potential /pə'tenʃl/ *adj.* ۱. مات ۲. مت، کپ

potter /ˈpɒtə(r)/ *(US* **putter**/ˈpʌtə(r)/*)* *v.* خۆ مەشغوڵ کردن

pottery /ˈpɒtəri/ *n.* گلکاری

pouch /paʊtʃ/ *n.* گیرفان

poultry /ˈpəʊltri/ *n.* پەلەوەر

pounce /paʊns/ *v.* خۆهەڵدان، هێرش بردن

pound /paʊnd/ *n.* پاوەن، ٤٥٤ گم

pour /pɔː(r)/ *v.* ١. تێ کردن ٢. ڕژان ٣. لێزمە کردن

poverty /ˈpɒvəti/ *n.* هەژاری، نەداری

powder /ˈpaʊdə(r)/ *n.* ١. تۆز ٢. بۆدرە

power /ˈpaʊə(r)/ *n.* ١. توانا ٢. هێز ٣. ووزە ٤. دەسەڵات

powerful /ˈpaʊəfl/ *adj.* ١. بەتوانا ٢. بەهێز

power station /ˈpaʊə steɪʃn/ *(US power plant)* *n.* بنکەی بەرهەمهێنانی کارەبا

practical /ˈpræktɪkl/ *adj.* ١. کرداری ٢. گونجاو ٣. لەبار

practice /ˈpræktɪs/ *n.* ١. مەشق ٢. کردار ٣. نەریت

practice=practise /ˈpræktɪs/ *v.* ١. مەشق

کردن ۲. بەجیٚ‌هیٚنان ۳. کار پیٚ کردن

practitioner /præk'tɪʃənə(r)/ *n.*
مەشق‌پیٚ‌کراو (پزیشک یا پاریٚزەر)

pragmatic /præg'mætɪk/ *adj.* کرداری

praise /preɪz/ *n.* ۱. ستایش ۲. پیا هەڵدان

praise /preɪz/ *v.* ۱. پیاهەڵدان ۲. ستایش کردن

pram /præm/ *(US* **baby carriage***)* *n.*
عەرەبانەی هەڵگرتنی منداڵ

pray /preɪ/ *v.* ۱. نویٚژ کردن ۲. پاڕانەوە

prayer /preə(r)/ *n.* ۱. نویٚژ ۲. پاڕانەوە، نزا

preach /pri:tʃ/ *v.* ووتاردان

precaution /prɪ'kɔ:ʃn/ *n.* هۆشیاری، پاریٚزی
(حەزەرووەرگرتن)

precede /prɪ'si:d/ *v.* پیٚشکەوتن

precedence /'presɪdəns/ *n.* پیٚشکەوتن،
پیٚشینەیێتی (مافی‌هاتن لەپیٚش گشت شتیٚک‌دا)

precious /'preʃəs/ *adj.* ۱. بەنرخ ۲. ئازیز

precise /prɪ'saɪs/ *adj.* ۱. وورد ۲. ڕوون

precision /prɪ'sɪʒn/ *(also* **preciseness***)* *n.*
ووردی (ووردی لە کاردا)

predecessor /'pri:dɪsesə(r); *US* 'predə-/ *n.*

پێشێنە (ئەوانەی پێشوتر)

predict /prɪ'dɪkt/ *v.* پێش بینی کردن

predominant /prɪ'dɒmɪnənt/ *adj.* زاڵ

preface /'prefəs/ *n.* پێشەکی

prefer /prɪ'fɜ:(r)/ *v.* پەسەند کردن

preference /'prefrəns/ *n.* ١. پەسەندی ٢. حەز

preferential /ˌprefə'renʃl/ *adj.* تایبەتی، ناوازە (جیاوازلەوانی تر)

prefix /'pri:fɪks/ *n.* پێشگر

pregnancy /'pregnənsi/ *n.* سک پڕی (بوونی سک)

pregnant /'pregnənt/ *adj.* ١. سک پڕ ٢. ئاوس

prehistoric /ˌpri:hɪ'stɒrɪk; *US* -'stɔ:rɪk/ *adj.* پێش نووسینەوە، پێش مێژوو

prejudice /'predʒudɪs/ *n.* ١. پێشینە ٢. قین، کینە

preliminary /prɪ'lɪmɪnəri; *US* -neri/ *adj.* سەرەتایی

premature /'premətjʊə(r); *US* ˌpri:mə'tʊər/ *adj.* ١. پێ نەگەیو ٢. زوو

premier /'premiə(r); *US* 'pri:miər/ *adj.* ١. باشترین ٢. گرنگترین

premium /pri:miəm/ *n.* ١. پارەی مانگانە (بـــۆ بیمەی کـــۆمەڵایەتی) ٢. پـــارەخـــتنەسەر (کرێ چوونەسەر)
preoccupy /priɒkjupaɪ/ *v.* مێشک گرتن بەشتێکەوە (تەنهایێر لەوەبکەیتەوە)
preparation /ˌprepəˈreɪʃn/ *n.* ١. ئامادە کردن، ئامادە بوون ٢. ئامادە باشی
prepare /prɪˈpeə(r)/ *v.* ئامادە کردن، ئامادە بوون
preposition /ˌprepəˈzɪʃn/ *n.* ئاوەڵفرمانی (شوێن، کات)
prerequisite /ˌpri:ˈrekwəzɪt/ *n.* مەرج، شەرت
prerogative /prɪˈrɒgətɪv/ *n.* بوونی دەسەڵات، توانای دەسەڵات، ماف
prescribe /prɪˈskraɪb/ *v.* ١. دەرمان بۆنوسین ٢. بریاردان، فەرماندان
prescription /prɪˈskrɪpʃn/ *n.* رەچەتە
presence /prezns/ *n.* ١. هەبوون ٢. ئامادە بوون
present /preznt/ *adj.* ١. ئامادە ٢. هەنوکە ٣. هەیە ٤. رانەبوردوو

present /'preznt/ *n.* دیاری

present /prɪ'zent/ *v.* ١. پێشکەش کردن ٢. پێ‌ناساندن ٣. پیشاندان

presentation /ˌprezn'teɪʃn; *US* ˌpri:zen-/ *n.* ١. پێشکەش‌کردن ٢. دووان لەسەرشتێک

preservation /ˌprezə'veɪʃn/ *n.* پاراستن

preserve /prɪ'zɜ:v/ *v.* ١. پاراستن ٢. هێشتنەوە

presidency /'prezɪdənsi/ *n.* سەرۆکایەتی

president /'prezɪdənt/ *n.* ١. سەرۆک ٢. بەڕێوەبەر

press /pres/ *n.* ١. ڕۆژنامە ٢. چاپ ٣. پاڵ

press /pres/ *v.* ١. پەستاندن، فشارلێ کردن ٢. گوشین

pressure /'preʃə(r)/ *n.* پەستان، فشار

prestige /pre'sti:ʒ/ *n.* شکۆ، سەرفرازی، پایە

prestigious /pre'stɪdʒəs/ *adj.* شکۆدار

presumably /prɪ'zju:məbli; *US* -'zu:m-/ *adv.* وادەزانم، لەوانەیە

presume /prɪ'zju:m; *US* -'zu:m/ *v.* وادانان، وازانین

pretence *(US* **pretense***)* /prɪ'tens/ *n.*

واپیشان‌دان، وادەرخستن

pretend /prɪˈtend/ *v.* ١. واپیشان دان ٢. وادەرکەوتن

pretentious /prɪˈtenʃəs/ *adj.* فشە کەر، لەخۆبایی

pretext /ˈpriːtekst/ *n.* بەهانە

pretty /ˈprɪti/ *adj.* سەرنج راکێش، قەشەنگ

pretty /ˈprɪti/ *adv.* ١. زۆر ٢. تەواو

prevail /prɪˈveɪl/ *v.* باڵ کێشان بەسەردا، زاڵ بوون

prevalent /ˈprevələnt/ *adj.* ١. زاڵ ٢. باو

prevent /prɪˈvent/ *v.* ١. نەهێشتن ٢. ڕێ گرتن

prevention /prɪˈvenʃn/ *n.* ١. نەهێشتن، نەهێڵان ٢. قەدەغە کردن ٣. خۆپاراستن

preventive /prɪˈventɪv/ *adj.* ١. ڕێگر ٢. بەرگر

preview /ˈpriːvjuː/ *n.* پێش‌بینین (بینینی فلیم پێش پیشاندانی بەجەماوەر)

previous /ˈpriːviəs/ *adj.* ١. پێشوو ٢. پێشتر

prey /preɪ/ *n.* نێچیر

price /praɪs/ *n.* نرخ

prick /prɪk/ *v.* ١. سمین ٢. کون کردن

۳. پیا کردن

prickle /ˈprɪkl/ *n.* درک

pride /praɪd/ *n.* ۱. شانازی ۲. سەربەرزی

priest /pri:st/ *n.* کەشیش (قەشە)

prim /prɪm/ *adj.* مرۆڤی راست‌و دروست (دڵ ناسک بێت، بەدیتنی کاری چەوت)

primary /ˈpraɪməri; *US* -meri/ *adj.* ۱. سەرەکی ۲. بنەرەتی

prime /praɪm/ *adj.* ۱. سەرەکی ۲. باش

primitive /ˈprɪmətɪv/ *adj.* ۱. سەرەتایی ۲. سادە

prince /prɪns/ *n.* میر، میرزادە

princess /ˌprɪnˈses/ *n.* میرخاتوون

principal /ˈprɪnsəpl/ *adj.* ۱. سەرەکی ۲. بنەرەتی ۳. بەرایی

principle /ˈprɪnsəpl/ *n.* ۱. بنەما ۲. رێسا ۳. باوەڕ ٤. یاسا

print /prɪnt/ *n.* ۱. نوسراوبەچاپ ۲. شوێن، جێ (شوێن پێ، جێ دەست‌وپەنجە)

print /prɪnt/ *v.* چاپ کردن

printer /prɪntə(r)/ *n.* چاکەر، چاپگەر

prior /ˈpraɪə(r)/ *adj.* لەپێش، لەبەر

priority /praɪˈɒrəti; *US* -ˈɔːr-/ *n.* ١. پێشتریتی ٢. پێشینتی

prise /praɪz/ *(US* **prize; pry***)* *v.* زۆر کردن، زۆرلێ کردن (بۆ کردنەوەی قتوویان...)

prism /ˈprɪzəm/ *n.* ئاوێزە

prison /ˈprɪzn/ *(also* **jail***)* *n.* بەندیخانە، گرتووخانە

prisoner /ˈprɪznə(r)/ *n.* بەند، گیراو

privacy /ˈprɪvəsi; ˈpraɪvəsi/ *n.* تەنیایی، جیایی، تایبەتێتی

private /ˈpraɪvət/ *adj.* ١. تایبەتی ٢. کەسی، تایبەت ٣. نهێنی

privilege /ˈprɪvəlɪdʒ/ *n.* ١. جیاوازی ٢. تایبەتێتی ٣. پەسەندکراوی

prize /praɪz/ *n.* خەلات

prize /praɪz/ *v.* نرخاندن، نرخ پێدان

probability /ˌprɒbəˈbɪləti/ *n.* ئەگەر، شیان

probable /ˈprɒbəbl/ *adj.* ١. چاوەڕوان کراو ٢. گونجاو، دەشێ

probably /ˈprɒbəbli/ *adv.* ڕەنگ بێ، پێ دەچێ

probation /prəˈbeɪʃn; *US* prəʊ-/ *n.*

۱. ژێرچاودێری ۲. پشکنین

problem /prɒbləm/ *n.* ۱. کێشە ۲. پرسیار ۳. گرفت

procedure /prə'si:dʒə(r)/ *n.* ۱. شێواز ۲. رێسای کار

proceed /prə'si:d; prəʊ-/ *v.* ۱. بەرەوپێش چوون ۲. بەردەوام بوون

proceedings /prə'si:dɪŋz/ *n.* راپەراندنی‌کار (کاری‌رەسمی)

process /'prəʊses; *US* 'prɒses/ *n.* ۱. قۆناغ ۲. دۆخ ۳. پرۆسە

procession /prə'seʃn/ *n.* بەرێ کردن (وەک لەبۆنەیەک داوەک کاروان خەڵکی دەرۆن)

proclaim /prə'kleɪm/ *v.* راگەیاندنوەک... واناساندن (کردنی شتێ بەرەسمی)

prodigious /prə'dɪdʒəs/ *adj.* مەزن، گەورە، بێ‌شومار

produce /prə'dju:s; *US* -'du:s/ *v.*
۱. بەرهەمهێنان ۲. دروست کردن ۳. بەچکە کردن

product /'prɒdʌkt/ *n.* ۱. بەرهەم ۲. ئەنجام

production /prə'dʌkʃn/ *n.* ۱. بەرهەمهێنان

۲. دروست کردن ۳. بەرهەم

profess /prə'fes/ *v.* ۱. راگەیاندن ۲. ئاشکرا کردن ۳. بەراست دانان

profession /prə'feʃn/ *n.* پیشە

professional /prə'feʃənl/ *adj.* پیشەگەر

professor /prə'fesə(r)/ *n.* مامۆستای زانکۆ (پرۆفیسۆر)

proficient /prə'fɪʃnt/ *adj.* لێهاتوو

profile /prəʊfaɪl/ *n.* ۱. لادیمەن ۲. کورتە ۳. ژیاننامە

profit /prɒfɪt/ *n.* قازانج، سوود

profitable /prɒfɪtəbl/ *adj.* ۱. سوودبەخش، قازانجکەر ۲. بەکەڵک، بەسود

profound /prə'faʊnd/ *adj.* ۱. گەورە ۲. گرنگ ۳. قووڵ

profuse /prə'fju:s/ *adj.* زۆر، بێشومار

program = programme /prəʊgræm; *US* -grəm/ *n.* ۱. بەرنامە ۲. کارنامە

progress /prəʊgres; *US* 'prɒ-/ *n.* ۱. چوونە پێش ۲. پێشکەوتن

progress /prə'gres/ *v.* ۱. پێشکەوتن

٢. بەرەوپێش چوون

prohibit /prəˈhɪbɪt; *US* prəʊ-/ *v.* ١. نەهێشتن، قەدەغە کردن ٢. ڕێ پێ نەدان

prohibition /ˌprəʊɪˈbɪʃn; *US* ˌprəʊəˈbɪʃn/ *n.* قەدەغە کردن

project /ˈprɒdʒekt/ *n.* ١. بیرۆکە ٢. پرۆژە

projection /prəˈdʒekʃn/ *n.* ١. پێش بینی ٢. خستنە سەرپەردە

projector /prəˈdʒektə(r)/ *n.* نیشاندەر (پرۆجێکتەر)

proliferate /prəˈlɪfəreɪt; *US* prəʊ-/ *v.* زیاد بوون، زۆر بوون

prolong /prəˈlɒŋ; *US* -ˈlɔːŋ/ *v.* درێژ کردنەوە، درێژەپێدان

prominent /ˈprɒmɪnənt/ *adj.* ١. بەرچاو ٢. گرنگ ٣. دیار

promise /ˈprɒmɪs/ *n.* پەیمان، بەڵێن

promise /ˈprɒmɪs/ *v.* بەڵێن دان، پەیمان دان

promote /prəˈməʊt/ *v.* ١. بەرزکردنەوە ٢. هاندان

promotion /prəˈməʊʃn/ *n.* ١. بەرزکردنەوە،

بەرزبوونەوە ٢. سەرخستن ٣. بڵاوکردنەوە

prompt /prɒmpt/ *adj.* دەستبەجێ، خێرا

prompt /prɒmpt/ *v.* ١. والێ کردن ٢. یارمەتی دان

prone /prəʊn/ *adj.* شیاو (بۆ توش بوون بەشتێک یا کردنیکارێک)، لەبەرچاو

pronoun /prəʊnaʊn/ *n.* راناو

pronounce /prə'naʊns/ *v.* ١. ووتن، دووان ٢. دەرخستن ٣. خوێندنەوە

pronunciation /prə,nʌsi'eɪʃn/ *n.* شێوەی خوێندنەوە (دەنگی ووشەکان و چۆنیەتی دەربرین)

proof /pru:f/ *adj.* پارێزراو، بەرگریکەر، بەبەرگری (لەوشتەی لەپێشیدێت وەک ئاو، دەنگ...)

proof /pru:f/ *n.* سەلماندن

propaganda /,prɒpə'gændə/ *n.* پرۆپاگەندە

propel /prə'pel/ *v.* پاڵ پێوەنان

propeller /prə'pelə(r)/ *n.* پەروانە

proper /'prɒpə(r)/ *adj.* ١. راست ٢. گونجاو ٣. باش ٤. سەرەکی

property /prɒpəti/ *n.* ١. سامان، دارایی ٢. موڵک ٣. تایبەتمەندی

prophecy /prɒfəsi/ *n.* پێش‌بینی، لەپێش‌دا گوتن

prophesy /prɒfəsaɪ/ *v.* پێش‌بینی کردن (بۆڕووداوی شتێک لەداهاتوودا)

prophet /prɒfɪt/ *n.* پێغەمبەر

proportion /prəˈpɔːʃn/ *n.* ١. ڕێژە ٢. هاوڕێژە

proportional /prəˈpɔːʃənl/ *adj.* هاوڕێژە، هاوپەیوەند (وەک پەیوەندی ڕێژەوقەبارەی شتێک لەگەڵ نرخەکەی وەهتد...)

proposal /prəˈpəʊzl/ *n.* ١. داوا ٢. پیلان ٣. داخوازی

propose /prəˈpəʊz/ *v.* ١. پێشنیار کردن ٢. بەنیازبوون ٣. داخوازی کردن

proposition /ˌprɒpəˈzɪʃn/ *n.* ١. بیروبۆچوون، پێشنیار ٢. کێشە

proprietor /prəˈpraɪətə(r)/ *n.* خاوەن (خاوەن‌بازرگانی یان‌شتێک)

prose /prəʊz/ *n.* پەخشان

prosecute /prɒsɪkjuːt/ *v.* تۆمەتبار کردن

prosecution /ˌprɒsɪˈkjuːʃn/ *n.* سکاڵاله‌ده‌ست کردن، گله‌یی کردن (له‌دادگادا بۆ تاوانی که‌سێک)

prospect /ˈprɒspekt/ *n.* ۱. ئومێد ۲. دیمه‌ن ۳. چاوه‌ڕوانی

prospect /prəˈspekt; *US* ˈprɒspekt/ *v.* به‌دوادا گه‌ڕان، پشکنین (بۆ ئاڵتون، نه‌وت...)

prospective /prəˈspektɪv/ *adj.* چاوه‌ڕوانکراو

prosperity /prɒˈsperəti/ *n.* ۱. سه‌رکه‌وتوویی ۲. خۆشی

prosperous /ˈprɒspərəs/ *adj.* ۱. سه‌رکه‌وتوو ۲. پێشکه‌وتوو ۳. ده‌وڵه‌مه‌ند

protect /prəˈtekt/ *v.* پاراستن

protection /prəˈtekʃn/ *n.* پاراستن، پارێزگاری

protective /prəˈtektɪv/ *adj.* ۱. پارێزه‌ر (بۆپاراستنت) ۲. پارێزه‌ر (بت‌پارێزێت)

protest /ˈprəʊtest/ *n.* ۱. ناڕه‌زایی ۲. به‌ره‌نگاری

protest /prəˈtest/ *v.* ناڕه‌زایی ده‌ربڕین

Protestant /ˈprɒtɪstənt/ *n.* مه‌زهه‌بی پرۆتیستانت (له‌ئایینی‌گاور، که‌له‌ که‌نیسه‌ی ڕۆماجیابۆته‌وه)

protrude /prəˈtruːd; *US* prəʊ-/ *v.* ده‌رپه‌ڕین،

دەرچوون (وەک ددان)

proud /praud/ *adj.* ١. سەربەرز ٢. دڵخۆش ٣. بەفیز

prove /pru:v/ *v.* ١. سەلماندن ٢. دەرکەوتن، دەرخستن

proverb /'prɒvɜ:b/ *n.* پەند

provide /prə'vaɪd/ *v.* ١. پێدان ٢. دەستەبەر کردن

provided /prə'vaɪdɪd/ *conj.* بەمەرجێ، ئەگەر

province /'prɒvɪns/ *n.* ١. پارێزگا ٢. وولایەت

provision /prə'vɪʒn/ *n.* ١. پێدان ٢. ئامادەکاری ٣. خۆراک

provisional /prə'vɪʒənl/ *adj.* دەمی، هەنوکە، کاتی (شتێک بۆ ئەمکاتە)

provocation /ˌprɒvə'keɪʃn/ *n.* هارکردن، تورە کردن، هاندان

provoke /prə'vəuk/ *v.* ١. تورە کردن ٢. ئاڵۆزاندن، وورووژاندن

proximity /prɒk'sɪməti/ *n.* نزیکی

prune /pru:n/ *n.* هەڵوژەی ووشک

prune /pru:n/ *v.* لق و پۆپ کردن (برینی لق و

پۆپی درەخت بەمەبەستی چاک کردن)

pry /praɪ/ *v.* ۱. گەران بەدوای زانینی کاروباری خەلکی ۲. (=*prise*) فشارلێ کردن

psychiatry /saɪˈkaɪətri; *US* sə-/ *n.* پزیشکیی دەروونی (زانستی نەخۆشییەدەروونی یەکان)

psychology /saɪˈkɒlədʒi/ *n.* دەروونزانی

pub /pʌb/ *(also* **public house***)* *n.* مەیخانە

puberty /ˈpju:bəti/ *n.* هەرزەکاری

public /ˈpʌblɪk/ *adj.* ۱. گشتی ۲. گەلیی ۳. ئاشکرا

publication /ˌpʌblɪˈkeɪʃn/ *n.* ۱. چاپ ۲. بڵاوکردنەوە ۳. ئاشکراکردن

publicity /pʌbˈlɪsəti/ *n.* ۱. ئاگاداری ۲. بڵاوکردنەوە

publish /ˈpʌblɪʃ/ *v.* ۱. چاپ و پەخش کردن ۲. بڵاوکردنەوە

pull /pʊl/ *v.* راکێشان

pulley /ˈpʊli/ *n.* خلۆکە، بەکرە (بۆبەرز کردنەوەی شتی قورس)

pullover /ˈpʊləʊvə(r)/ *n.* بلووز

pulse /pʌls/ *n.* ترپە، لێدان

pump /pʌmp/ *n.* ترومپا، پەمپ

punch /pʌntʃ/ *v.* مشت لێدان

punctual /pʌŋktʃuəl/ *adj.* ١. لانەداو ٢. بەڵێن ڕاست ٣. لە کاتی خۆیدا

punctuate /pʌŋktʃueɪt/ *v.* ١. خاڵ بەندی کردن (سەروبۆربۆ کردن) ٢. قسە پێبڕین

punctuation /ˌpʌŋktʃuˈeɪʃn/ *n.* خاڵبەندی

puncture /pʌŋktʃə(r)/ *n.* کون، پەنجەرە

punish /pʌnɪʃ/ *v.* سزادان

punishment /pʌnɪʃmənt/ *n.* سزا

punitive /pju:nətɪv/ *adj.* ١. سزایی ٢. ڕەق و توند

pupil /pju:pl/ *n.* ١. قیرخواز ٢. بیلبیلە

puppet /pʌpɪt/ *n.* بووکلە، زەلامی یاری

puppy /pʌpi/ *n.* تووتکە، تووتەلە

purchase /pɜ:tʃəs/ *v.* کڕین

pure /pjʊə(r)/ *adj.* ١. تەواو ٢. خاوێن، پاک ٣. پەتی

purify /pjʊərɪfaɪ/ *v.* پاک کردنەوە، خاوێن کردنەوە

purity /pjʊərəti/ *n.* پاکێتی، ساقێتی

purple /pɜ:pl/ *adj.* مۆر

purpose /ˈpɜ:pəs/ *n.* مەبەست، نیاز

purse /pɜ:s/ *n.* جزدان، جانتای دەست

purse /pɜ:s/ *v.* دەم قیچ کردنەوە (لێوکرژ کردن و دەم بچوک کردنەوە، وەکفووبکەیت)

pursue /pəˈsju:; *US* -ˈsu:/ *v.* ١. شوێن کەوتن ٢. بەدوو رۆشتن

pursuit /pəˈsju:t; *US* -ˈsu:t/ *n.* شوێن کەوتن، بەدوادا چوون

pus /pʌs/ *n.* کێم، زووخ (جەراعەت)

push /pʊʃ/ *v.* پاڵ پێوەنان

put /pʊt/ *v.* ١. دانان ٢. تێ خستن ٣. لێ نان

put on /pʊtɒn/ *v.* ١. لەبەر کردن ٢. واپیشاندان ٣. داگیرساندن

puzzle /ˈpʌzl/ *n.* مەتەڵ

pyjamas /pəˈdʒɑ:məz/ *(US* **pajamas***)* *n.* بیجامە

pyramid /ˈpɪrəmɪd/ *n.* هەرەم

Qq

Q, q /kjuː/ *n.* کیو - حەڤدەیەمین پیتی ئەلف و بێ ی زمانی ئینگلیزی یە

quake /kweɪk/ *v.* لەرزین، لەرینەوە

qualification /ˌkwɒlɪfɪˈkeɪʃn/ *n.* ١. بروانامە ٢. لێ هاتن، توانا ٣. مەرج ٤. سنوور

qualified /ˈkwɒlɪfaɪd/ *adj.* ١. دەرچوو (لە تاقیکردنەوە یاخولی خوێندن) ٢. لێهاتوو، وەستا، کارامە ٣. ناتەواو، سنووردار

qualify /ˈkwɒlɪfaɪ/ *v.* ١. لێ هاتن ٢. گونجاندن ٣. ماف پێ دان ٤. سەرکەوتن

quality /ˈkwɒləti/ *n.* ١. جۆریتی ٢. سیفەت ٣. چۆنیتی

quantity /ˈkwɒntəti/ *n.* ١. چەندێتی ٢. بڕ

quarantine /ˈkwɒrəntiːn/ *n.* قەرەنتینە، دابڕینی دروستی (بەندکردنی مرۆڤ یا ئاژەڵ لەجێگایەکدا کە گومانی نەخۆشی یان لێ بکرێت)

quarrel /ˈkwɒrəl/ *n.* دەمەقرە

quarter /ˈkwɔːtə/ *n.* ١. چارەک ٢. سێ مانگ

۳. گەرەک

quay /ki:/ *n.* سەکۆی بەندەر

queen /kwi:n/ *n.* شاژن

queer /kwɪə(r)/ *adj.* نامۆ، سەیر

quench /kwentʃ/ *v.* تونێتی شکاندن

query /'kwɪəri/ *n.* پرسیار

quest /kwest/ *n.* بە دوادا گەڕان، پشکنین (بەدوای شتێکدا کە دۆزینەوەی سەختبێت)

question /'kwestʃən/ *n.* ۱. پرسیار ۲. گومان ۳. کێشە

question /'kwestʃən/ *v.* ۱. پرسیار کردن ۲. گومان بردن

questionable /'kwestʃənəbl/ *adj.* ۱. جــێی پرسیار، جــێی گومان ۲. گــومان لەڕاســتی و دروستیداهەیە

question mark /'kwestʃən mɑ:k/ *n.* نیشانەی پرسیار

questionnaire /ˌkwestʃə'neə(r)/ *n.* لیستی پرسیار (بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵکی لەسەر بابەتێک)

queue /kju:/ *(US* **line***)* *n.* ڕیز، سەرە

quick /kwɪk/ *adj.* خێرا
quickly /kwɪkli/ *adv.* بەخێرایی، بەتیژی
quiet /ˈkwaɪət/ *adj.* ئارام، بێدەنگ
quiet /ˈkwaɪət/ *n.* بێدەنگی، ئارامی
quietly /ˈkwaɪətli/ *adv.* بەئارامی
quilt /kwɪlt/ *n.* لێفە
quit /kwɪt/ *v.* ١. وازلێهێنان ٢. بەرنامە داخستنەوە
quite /kwaɪt/ *adv.* ١. تارادەیەک ٢. زۆر ٣. بەتەواوی
quiver /ˈkwɪvə(r)/ *v.* لەرزین
quiz /kwɪz/ *n.* پرسیاری پێشکەوتن، کورتە تاقیکردنەوە
quote /kwəʊt/ *v.* لێوەرگرتن
quotient /ˈkwəʊʃnt/ *n.* کۆلکە

Rr

R, r /ɑ:(r)/ *n.* ئار – هەژدەیەمین پیتی ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزییە

rabbi /ˈræbaɪ/ *n.* حاخام (پیاوی ئایینی جولەکە)

rabbit /ˈræbɪt/ *n.* کەروێشک

rabies /ˈreɪbi:z/ *n.* نەخۆشی هاری

race /reɪs/ *n.* ١. پێشبڕکێ ٢. نەژاد

race /reɪs/ *v.* پێشبڕکێ کردن

racism /ˈreɪsɪzəm/ *n.* رەگەزپەرستی

rack /ræk/ *n.* ١. رەفە ٢. چەنچە

racket *(also* **racquet***)* /ˈrækɪt/ *n.* رەکتە (لەیاری تێنس دا)

radar /ˈreɪdɑ:(r)/ *n.* رادار (سیستمی پەیدا کردنی شوێنی شتێک بە بەکار هێنانی شەپۆلی رادیۆیی)

radiate /ˈreɪdieɪt/ *v.* ١. تیشک دانەوە ٢. لێ لێ بوونەوە

radiation /ˌreɪdiˈeɪʃn/ *n.* تیشک دانەوە

radiator /ˈreɪdieɪtə(r)/ *n.* ١. زەیتی ٢. رادیێتەر
radical /ˈrædɪkl/ *adj.* ١. ڕەگ و ڕیشەیی ٢. زۆرگەورە
radio /ˈreɪdiəʊ/ *n.* رادیۆ
radioactive /ˌreɪdiəʊˈæktɪv/ *adj.* تیشکاوەر
radiographer /ˌreɪdiˈɒgrəfə(r)/ *n.* پزیشکی تیشک (تیشکی - X)
radish /ˈrædɪʃ/ *n.* توور
radius /ˈreɪdiəs/ *n.* نیوەتیرەی بازنە
raffle /ˈræfl/ *n.* فرۆشتنی کاغەزی یا نسیب
raft /rɑːft; *US* ræft/ *n.* کەلەک (جۆرێکی سادەلەبەلەم)
rafter /ˈrɑːftə(r); *US* ˈræf-/ *n.* دارەڕا، پایە (دادەنرێ بۆبنمیچ)
rag /ræg/ *n.* پەڕۆشڕ، پەڕۆکۆن
rage /reɪdʒ/ *n.* تورەیی یەکی زۆر
ragged /ˈrægɪd/ *adj.* ١. شڕو وڕ ٢. نارێک
raid /reɪd/ *n.* پەلامار، بەسەردادان، هێرش
raid /reɪd/ *v.* هێرش بردنە سەر، هەڵکوتانەسەر
rail /reɪl/ *n.* ١. محاجەرە ٢. سکە ٣. عەلاگەی هەڵواسین ٤. توول

railroad /reɪlrəʊd/ *n.* هێڵی شەمەندەفەر (ئاسن)

railway /reɪlweɪ/ *n.* = *railroad*

rain /reɪn/ *n.* باران

rain /reɪn/ *v.* باران بارین

rainbow /reɪnbəʊ/ *n.* پەلکە زێرینە

rainy /reɪni/ *adj.* باراناوی

raise /reɪz/ *v.* ١. بەرزکردنەوە ٢. زیاد کردن ٣. بەخێو کردن

rake /reɪk/ *n.* چەنگاڵ، خەرواشە (شێوە چنگاڵ بۆهەڵگرتنی یا پاککردنەوەی چیمەن)

rally /ræli/ *n.* ١. پێشکەوتن (لەپێشبرکێی ئۆتۆمبیلدا) ٢. کۆبوونەوە (کاری سیاسی)

rally /ræli/ *v.* ١. بەهێز بوون ٢. کۆ کردنەوە، کۆبوونە (خەڵک)

ram /ræm/ *n.* بەران (نێرەی مەڕ)

rampant /ræmpənt/ *adj.* بەلا، کێشە (کەچارەی نەکرێت یا سەختبێت)

ranch /rɑːntʃ; *US* ræntʃ/ *n.* کێڵگەی ڕەشەوولاخ

random /rændəm/ *adj.* کوێرانە، هەڕەمەکی

range /reɪndʒ/ *n.* ۱. بوار ۲. مەودا
range /reɪndʒ/ *v.* ۱. کشان ۲. ڕیز کردن
rank /ræŋk/ *n.* پلەوپایە
ransom /rænsəm/ *n.* پارەی بەردانی بارمتە، فیدیە
rape /reɪp/ *n.* پەلاماردان
rape /reɪp/ *v.* دەست درێژی کردنە سەر ناموس
rapid /ræpɪd/ *adj.* خێرا
rapture /ræptʃə(r)/ *n.* خۆشی، شادی، کەیف
rare /reə(r)/ *adj.* ۱. دەگمەن، دانسقە ۲. کاڵ
rarely /reərli/ *adv.* بەدەگمەن
raring /reərɪŋ/ *adj.* دڵ گەرم، بەپەرۆش (بۆدەست پێ کردن بە کارێک)
rarity /reərəti/ *n.* دەگمەنێتی
rascal /rɑ:skl; *US* 'ræskl/ *n.* نەگریس، چوختی
rash /ræʃ/ *adj.* هەڵەشە
rash /ræʃ/ *n.* ۱. پەڵەی سوور (لەسەرپێست) ۲. هەرا، بەزم
rat /ræt/ *n.* جرج
rate /reɪt/ *n.* ۱. تێکرا ۲. نرخ ۳. خێرایی
rather /rɑ:ðə(r); *US* 'ræ-/ *adv.* تارادەیەک

rating /ˈreɪtɪŋ/ *n.* نرخاندن، پێوانه
ratio /ˈreɪʃiəʊ/ *n.* ڕێژه
rational /ˈræʃnəl/ *adj.* هۆشیار، ژیریێژ
rationalise *(also* **rationalize***)* /ˈræʃnəlaɪz/ *v.* ١. بەهانە بۆهێنانەوە، والێکدانەوە (ووتن بەقسەی خۆی‌گوایە) ٢. ڕێکخستن (کاری بازرگانی)
rattle /ˈrætl/ *v.* تەقەتەق کردن
raw /rɔː/ *adj.* ١. کاڵ ٢. خاو
ray /reɪ/ *n.* تیشک
razor /ˈreɪzə(r)/ *n.* مەکینەی ڕیش تاشین
reach /riːtʃ/ *v.* ١. گەیشتن ٢. درێژ کردن
react /riˈækt/ *v.* ١. کارلێک کردن ٢. وەلام دانەوە
reaction /riˈækʃn/ *n.* ١. کارلێک ٢. وەلام. ٣. کاردانەوە
read /riːd/ *v.* ١. خوێندنەوە ٢. پیشان دان
reader /ˈriːdə(r)/ *n.* ١. خوێنەر (ڕۆژنامە، گۆڤار) ٢. پەرتووکی خوێندنەوە (بۆراهێنان)
reading /ˈriːdɪŋ/ *n.* خوێندنەوە
ready /ˈredi/ *adj.* ئامادە
ready-made /ˌredi ˈmeɪd/ *adj.* ئامادەکراو،

حازر

real /ri:əl; *Brit also* rɪəl/ *adj.* ڕاست، ڕاستەقینە

realism /ri:əlɪzəm; *Brit also* 'rɪəlɪzəm /*n.* ١. ڕاستێتی ٢. ڕێبازی ڕیالیزم (وێژە وهونەر)

reality /ri'ælətɪ/ *n.* ڕاستی

realise *(also* **realize***)* /ri:əlaɪz; *Brit also* 'rɪəlaɪz/ *v.* ١. پێزانین ٢. دەرک پێ کردن ٣. هێنانەدی

really /ri:əli; *Brit also* 'rɪəli/ *adv.* لەڕاستیدا

realm /relm/ *n.* ١. شانشین (شانشینی) ٢. بوار (بواری زانست و...)

reap /ri:p/ *v.* ١. چنینەوە ٢. دوورینەوە، درەوکردن (دوورینەوەی بەرهەمی دانە وێلە یەکی چێنراو)

reappear /ˌri:ə'pɪə(r)/ *v.* دەرکەوتنەوە

rear /rɪə(r)/ *n.* ١. دوا ٢. سمت

rear /rɪə(r)/ *v.* ١. پەروەردە کردن ٢. بەخێو کردن

rearrange /ˌri:ə'reɪndʒ/ *v.* ١. ڕێکخستنەوە، دانانەوە ٢. چاککردنەوە

reason /ri:zn/ *n.* هۆ، هۆکار

reasonable /ˈri:znəbl/ *adj.* ١. گونجاو
٢. ماقول، ژیرانه
reassure /ˌri:əˈʃɔ:(r); *US* -ˈʃʊər/ *v.* ئارام کردنەوە، دڵنیا کردن، دڵدانەوە
rebate /ˈri:beɪt/ *n.* داشکاندن (گەڕاندنەوەی پارە بۆت)
rebel /ˈrebl/ *n.* یاخی
rebellion /rɪˈbeliən/ *n.* یاخی بوون
rebound /rɪˈbaʊnd/ *v.* گەڕانەوە
rebuke /rɪˈbju:k/ *v.* سەرزەنشت کردن، تێخوڕین، گلەیی لێ کردن
recall /rɪˈkɔ:l/ *v.* بیرکەوتنەوە، بیرهاتنەوە، هاتنەوەبیر
recapitulate /ˌri:kəˈpɪtʃuleɪt/ *v.* چاوپیاخشاندنەوە، دووبارە کردنەوە
recede /rɪˈsi:d/ *v.* ١. دیارنەمان، دوورکەوتنەوە
٢. لاوازبوون
receipt /rɪˈsi:t/ *n.* وەرگرنامە، وەسڵ
receive /rɪˈsi:v/ *v.* وەرگرتن
receiver /rɪˈsi:və(r)/ *n.* ١. وەرگر ٢. گوشی تەلەفۆن

recent /ˈri:snt/ *adj.* تازە

recently /ˈri:sntli/ *adv.* تازەگی، لەم دواییەدا

reception /rɪˈsepʃn/ *n.* ١. پرسگە ٢. پێشوازی

recess /rɪˈses; ˈri:ses/ *n.* ١. وەستان (لە کاروچالاکی) ٢. تاق (لەژووردا) ٣. کون یان جێی شاراوە

recession /rɪˈseʃn/ *n.* سستی

recipe /ˈresəpi/ *n.* ١. رەچەتە ٢. رێنما (رێنمایی چۆنیەتی دروست کردن ولێنانی خواردن)

recipient /rɪˈsipiənt/ *n.* وەرگر (ئەوکەسەی شتێ وەردەگرێ)

reciprocal /rɪˈsɪprəkl/ *adj.* ئالوگۆڕکراو (شتێ بدەیت وشتێکیش وەرگری)

recite /rɪˈsaɪt/ *v.* وتن، خوێندنەوە، بۆخوێندنەوە (وەک هۆنراوەیەک)

reckless /ˈrekləs/ *adj.* کەم تەرخەم، بێباک

reckon /ˈrekən/ *v.* ١. بڕوابوون، وادانان ٢. دانان بەنزیکەیی (حساب کردن)

reclaim /rɪˈkleɪm/ *v.* ١. گێڕاندنەوە (شتومەک) ٢. چاککردنی زەوی

recline /rɪˈklaɪn/ *v.* پاڵ دانەوە (وەک پاڵ دانەوە

بەپشتی یالە ئۆتۆمبیل‌دا)

recognition /ˌrekəgˈnɪʃn/ *n.* ١. ناسینەوە ٢. جیا کردنەوە (وەک پیشان دانی ریز)

recognise *(also* **recognize***)* /ˈrekəgnaɪz/ *v.* ١. ناسینەوە ٢. پەسەند کردن ٣. دان پیانان

ˑcoil /rɪˈkɔɪl/ *v.* سلەمینەوە، گەرانە دواوە (وەک ترسێک لەشتێک)

ˑllect /ˌrekəˈlekt/ *v.* بیرکەوتنەوە

ˑcommend /ˌrekəˈmend/ *v.* ١. راسپاردن ٢. ئامۆژگاری کردن

recompense /ˈrekəmpens/ *v.* پاداشت پی‌دان

reconcile /ˈrekənsaɪl/ *v.* ئاشت بوونەوە

record /ˈrekɔːd; *US* ˈrekərd/ *n.* ١. تۆمار ٢. قەوان

record /rɪˈkɔːd/ *v.* تۆمار کردن

recorder /rɪˈkɔːdə(r)/ *n.* ١. تۆمارکەر ٢. جوزەلە

recover /rɪˈkʌvə(r)/ *v.* ١. چاک بوونەوە ٢. دۆزینەوە

recovery /rɪˈkʌvəri/ *n.* ١. چاک بوونەوە ٢. گێرانەوە

recreation /ˌrekriˈeɪʃn/ *n.* رابواردن
recruit /rɪˈkruːt/ *n.* ئەندامی نوێ
recruitment /rɪˈkruːtmənt/ *n.* ١. بەسەرباز کردن ٢. خستنە سەرکار
rectangle /ˈrektæŋgl/ *n.* لاکێشە
recur /rɪˈkɜː(r)/ *v.* ڕوودانەوە، دووبارە بوونەوە
recycle /ˌriːˈsaɪkl/ *v.* بەکارهێنانەوە
red /red/ *adj.* سوور
redden /ˈredn/ *v.* سوور بوونەوە، سوور کردنەوە
redistribute /ˌriːdɪˈstrɪbjuːt/ *v.* بڵاوکردنەوە، دابەش کردن (بەسەرخەڵک دایا بەسەرگرووپێک‌دا)
reduce /rɪˈdjuːs; *US* -ˈduːs/ *v.* کەم کردنەوە
reduction /rɪˈdʌkʃn/ *n.* کەم کردنەوە، کەم بوونەوە
redundant /rɪˈdʌndənt/ *adj.* ١. بێ ئیش، بەتاڵ ٢. ناپێویست
redundancy /rɪˈdʌndənsi/ *n.* بێ ئیشی، بەتاڵی
reed /riːd/ *n.* قامیش، زەل
reek /riːk/ *n.* بۆگەن، بۆنێکی زۆرناخۆش

reel /ri:l/ *(also US* **spool***)* *n.* خلۆکە، بەکرە
refectory /rɪ'fektri/ *n.* ژووری (هۆلی) نان خواردن (لەکۆلێژیاله قوتابخانەدا)
refer /rɪ'fɜ:(r)/ *v.* ١. ئاماژەبۆ کردن ٢. ناردن
referee /ˌrefə'ri:/ *n.* داوەر (ناوبژیوانی یاری)
reference /'refərəns/ *n.* ژێدەر، سەرچاوە
referendum /ˌrefə'rendəm/ *n.* راپرسی
refill /ˌri:'fɪl/ *v.* پڕکردنەوە
refine /rɪ'faɪn/ *v.* ١. پوختەکردن ٢. پالاوتن
reflect /rɪ'flekt/ *v.* ١. ڕەنگ دانەوە ٢. دەربڕین ٣. پەرچ کردنەوە
reflection *(also* **reflexion***)* /rɪ'flekʃn/ *n.* ١. دەربڕین ٢. پەرچ کردن ٣. ڕەنگ دانەوە
reflex /'ri:fleks/ *n.* ١. پەرچەکردار ٢. وەلام
reform /rɪ'fɔ:m/ *n.* چاکسازی
reform /rɪ'fɔ:m/ *v.* چاک کردن، باش کردن
refrain /rɪ'freɪn/ *n.* ئەوکۆپلەیەی کەدووبارە دەکرێتەوە (لەگۆرانیدا)
refrain /rɪ'freɪn/ *v.* نەکردن، وازهێنان (لەکردنی کارێک، وەک جگەرەکێشان)
refresh /rɪ'freʃ/ *v.* بووژاندنەوە

refreshment /rɪ'freʃmənt/ *n.* ١ بووژێنەرەوە ٢. ساردەمەنی

refrigerator /rɪ'frɪdʒəreɪtə(r)/ *n.* بەفرگر، یەخچاڵ

refuge /'refju:dʒ/ *n.* پەنا، حەشارگە

refugee /ˌrefju'dʒi:; *US* 'refjʊdʒi:/ *n.* پەنابەر

refund /'ri:fʌnd/ *n.* پارەی دراوە (پاشگێرانەوەی شتە کەبۆخاوەنە کەی)

refund /rɪ'fʌnd; 'ri:fʌnd/ *v.* دانەوە (پارە)

refusal /rɪ'fju:zl/ *n.* ١. نەویستن ٢. ڕەت کردنەوە

refuse /'refju:s/ *n.* ١. شەخەڵ ٢. شتی نەویستراو

refuse /rɪ'fju:z/ *v.* ١. نەویستن ٢. ڕەتکردنەوە

regain /rɪ'geɪn/ *v.* بۆگەڕاندنەوە، دەستخستنەوە (شتێک کە لە کیس چووبێت)

regard /rɪ'gɑ:d/ *n.* ١. گرنگی ٢. ڕێز ٣. ڕەچاو کردن

regard /rɪ'dɑ:d/ *v.* ١. وادانان ٢. تێڕوانین ٣. تەماشا کردن

regarding /rɪ'gɑ:dɪŋ/ *prep.* دەربارەی

regime /reɪ'ʒi:m; 'reʒi:m/ *n.* ١. رژێم ٢. یاسای بەڕێوە بردن

regiment /redʒɪmənt/ *n.* ١. لق ٢. کەتیبە

region /ri:dʒən/ *n.* ١. هەرێم ٢. دەڤەر

register /'redʒɪstə(r)/ *n.* پێرستی ناو

register /redʒɪstə(r)/ *v.* ١. ناونووسی کردن ٢. تۆمار کردن

registrar /ˌredʒɪ'strɑ:(r); 'redʒɪstrɑ:(r)/ *n.* تۆمارکەر (تۆماری داغڵ بوانی زانکۆ، وەیا هەڵگرتن و پاراستنی بەڵگەنامەی ڕەسمی وەک لەدایک بوان و...)

regret /rɪ'gret/ *n.* ١. پەشیمانی ٢. داخ

regret /rɪ'gret/ *v.* ١. پەشیمان بوونەوە ٢. داخ بۆخورادن

regular /'regjələ(r)/ *adj.* ١. ڕێک و پێک ٢. ئاسایی ٣. ڕێک

regulate /'regjuleɪt/ *v.* ڕێکخستن

regulation /ˌregju'leɪʃn/ *n.* ١. ڕێک و پێکی ٢. یاسا

rehearse /rɪ'hɜ:s/ *v.* مەشق کردن، پرۆڤە کردن، پرۆڤەپێ کردن (مەشق کردن لەسەرکردنی کارێ

پێش کردنی لەبەر چاوی جەماوەر)

rein /rein/ *n.* ڕێشوی ئەسپ (پارچە چەرمێکەدەکرێ بەسەری ئەسپەوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی)

reinforce /ˌriːɪnˈfɔːs/ *v.* بەهێز کردن، بەهێزتر کردن

reject /rɪˈdʒekt/ *v.* ١. ڕەت کردنەوە ٢. پەسەند نەکردن

relapse /rɪˈlæps/ *v.* خراپ بوونەوە، چوونەوە بەرەوخراپی (نەخۆشی یا هەڵس وکەوت)

relate /rɪˈleɪt/ *v.* بەستنەوە (دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان چەندشتێ)

relation /rɪˈleɪʃn/ *n.* ١. پەیوەندی ٢. خزمایەتی ٣. دۆستایەتی

relationship /rɪˈleɪʃnʃɪp/ *n.* ١. پەیوەندی ٢. هاوڕێیەتی ٣. خزمایەتی

relative /ˈrelətɪv/ *adj.* ١. نزیکەیی ٢. ڕێژەیی ٣. تارادەیەک

relative /ˈrelətɪv/ *n.* خزم، کەس و کار

relax /rɪˈlæks/ *v.* ١. ئارام کردنەوە ٢. خاوبوونەوە، خاوکردنەوە ٣. پشوودان

relaxed /rɪ'lækst/ *adj.* ئارام، ڕەحەت (کەسێک لەپشوودایێت)

relay /ri:leɪ/ *(also* **relay race***)* *n.* پێشبرکێی پۆستە (ڕاکردن یا مەلە کردن بەنۆبە)

relay /ri:leɪ; rɪ'leɪ/ *v.* ١. گوێزانەوە ٢. پەخش کردن

release /rɪ'li:s/ *v.* ١. ئازاد کردن ٢. بەرەڵا کردن، بەردان

